# شێوازەكانی پەیوەندیكردن بۆ بەبازاركردنی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا

هەڵمەتی بانكەشەی هەڵبژاردنی بەرلەمانی كوردستانی - 2018 بەنموونە - توێژینەوەیەكی وەسفییە

**ID No. 3456**

(PP 238 - 253)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.3.14

**ئاریانا ئیبراهیم محەمەد**

بەشی راگەیاندن/ كۆلیژی ئاداب/زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

aryana.mohmad@su.edu.krd

**محەمەدعەلی یاسین تاها**

زانكۆی نەورۆز- دهۆك

mohammedali.taha@nawroz.edu.krd

**وەگــــــــرتن : 2020/01/11**

**پەسندكردن : 2020/07/16**

**بڵاوكردنەوە : 2020/10/28**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی زانستییە بە ئامانجی خستنەرووی گرنگترین شێوازەكانی پەیوەندیكردنی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا كە بریتیە لە بەكارهێنانی تەكنیكی پرۆفێشنال بۆ بەرێوەبردنی پەیوەندیكردن و بەبازاركردنی سیاسی، وەك: ریكلام، پەیامی سیاسی، پەیوەندییە گشتییەكان، پێشخستن و بەرەوپێشبردنی ئەو وێنەیەی كە مەبەستە. هەر وڵاتێك سیستەمێكی سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە و لە ریگەیەوە هەوڵی دۆزینەوەی باشترین شێوازی پەیوەندیكردنی سیاسی دەدات، بۆئەوەی بتوانێت باشترین كاریگەری لەسەر دەنگدەر دروست بكات و لە ئەنجامدا پشتگیری و متمانەی بەدەست بهێنێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. هەڵبەت شێوازەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بەپێی باگراوندی كۆمەڵایەتی، فابریكی كۆمەڵایەتی و رێورەسمە باوەكانی كۆمەڵگا و وڵاتەكان جیاوازن. بۆیە، تەكنیك و شێوازەكانی پەیوەندیكردنی سیاسی بەشێوەیەك كە لەگەڵ واقعدا بگۆنجێت دیزاین دەكرێن. هەرچەندە هەمو پەیوەندیكردنێكی سیاسی یەك ئامانجی هەیە، كە ئەویش بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەر و گەیشتنە بە دەسەڵات، بەڵام شێوازەكان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازن. لە هەرێمی كوردستانیش، بەپێی باگراوندی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتی هەوڵی بەدیهێنانی سیستەمێكی سیاسی دیموكراسی دەدات.

لەم باسەدا، بە پێی میتۆدی وەسفی پەیوەندیكردنی سیاسی لە هەرێمی كوردستان پێناسە و شرۆڤە دەكرێت. هەروەها شرۆڤەیەكی دەكات لەنێوان بەبازاركردنی بازرگانی و بەبازاركردنی سیاسی، هەروەها تەكنیك و شێوازە باوەكانی پەیوەندیكردنی سیاسی دەخرێنەڕوو. پرسیاری سەرەكی باسەكە ئەوەیە كە چۆن دەكرێت سوود لە پەیوەندی سیاسی بۆ بەبازاركردنی سیاسیدا وەربگیرێت. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەكەوێت كە شێوازەكانی پەیوەندی سیاسی بۆ بەبازاركردنی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا رێگایەكی سەركەوتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی بە بازاركردنی سیاسی لەنێو دەنگدەراندا. لە كۆتاییدا، باسەكە دەرەنجام و كۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیازی پراكتیكی دەخاتەڕوو. وشە كلیلەكان: شێواز، پەیوەندیكردن، بەبازاركردنی سیاسی، میدیا كەمپین.

## پێشەكی

پەیوەندیكردن بەگشتی دیاردەیەكی مرۆیی و جەماوەرییە و بەتایبەتی پەیوەندیكردنی سیاسی دیاردەیەكی جیهانیە، كە لە سیستەمە دیمۆكراسیەكاندا پارتەكان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی و سەركەوتنی باشتری سیاسی، بەپشت بەستن بە ستراتیژیەتێكی پلان بۆ دارێژراو، بەكاریدەهێنن. پەیوەندیكردنی سیاسی بریتیە لە بەكارهێنانی تەكنیكی پرۆفێشنال بۆ بەرێوەبردنی بەبازاركردنی سیاسی، وەك: رێكلام، پەیوەندی گشتی، پێشخستن و بەرەوپێشبردنی ئەو وێنەیەی كە مەبەستە. هەروەها بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و ئامرازەكانی گەیاندن و پەیوەندیكردن بەتایبەت ئامرازەكانی پەوەیندیكردنی جەماوەری (راگەیاندن) جۆرەكانی پەیوەندیكردنی ئەلیكترۆنیشی گرتەوە، هەروەك هەر وڵاتێك لە جیهاندا هەوڵی دۆزینەوەی باشترین شێوازی پەیوەندیكردنی سیاسی دەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت باشترین كاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بكات و لە ئەنجامدا پشتگیری و متمانە بەدەست بهێنێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵات.

هەڵبەت شێوازەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بەپێی باگراوندی كۆمەڵایەتی، فابریكی كۆمەڵایەتی و رێورەسمە باوەكانی كۆمەڵگا و وڵاتەكان جیاوازن. بۆیە، تەكنیك و شێوازەكانی پەیوەندیكردنی سیاسی بە شێوەیەك كە لەگەڵ واقعدا بگۆنجێت دیزاین دەكرێن. هەرچەندە هەمو پەیوەندیكردنێكی سیاسی یەك ئامانجی هەیە، كە ئەویش بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەر و گەیشتنە بە دەسەڵات، بەڵام شێوازەكان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازن. بۆیە لە هەرێمی كوردستان، بەپێی باگراوەندی سیاسی، كۆمەڵایەتی، رێورەسم و بەها باوەكانی كۆمەڵگا و خەڵك، پەیوەندیكردنی سیاسی تایبەتمەنی خۆی هەیە، هەرچەندە لە بنەرەتدا

هەر هەمان ئامانجی هەیە کە لە هەر سیستەمێکی دیمۆکراسیدا بەدی دەکرێت. لەم باسەدا، شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەڵبژاردەکانی پەرلەمانی 2018ی هەرێمی کوردستان وەردەگرین وەك شرۆڤەیەکی بەراوردکاری لەنێوان بەبازارکردنی بازرگانی و بە بازارکردنی سیاسی، هەروەها تەکنیك و شێوازە باوەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە دیدێکی بەراودکاری دەخەینەروو. ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێشەکی و سێ بەش، بەشی یەکەم چوارچیوەی گشتی توێژینەوەکە، و لە بەشی دووەم چەمك و پێناسە و شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی و بە بازارکردنی سیاسی شرۆڤە دەکەین. لە بەشی سێیەمدا لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخەینەروو، لە کۆتاییدا، باسەکە دەرەنجام و کۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیاز دەخاتەڕوو.

**1- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە (میتۆدۆلۆجی):**

**1/1- کێشەی توێژینەوە:** بریتییە لە پێویستییەکی پڕنەکراو یان هەڵویستێکی دیارنەکراو یان پرسێکی بۆ بەدواداچوون واتە کێشەیەك پێویستی بە چارەسەری هەیە، لەم توێژینەوەیەدا کێشەکە بریتییە لە (شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی بۆ بەبازارکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان)، واتە شرۆڤە و خستنەڕووی گرنگترین ئەو شێوازانەی بۆ پەیوەندیکردن و بانگەشەی سیاسی بەکارهێنراون لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستاندا و چۆنیەتی بەبازارکردنی سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکان بکات لەنێو خەڵکدا، بۆ بەدەستخستنی سەرکەوتووترین رێگە کە کارلێکەری لە نێوان دەنگدەران رووبدات و کاریگەری پێویست ئەنجام بدات و پرۆسەکە بەگشتی سەرکەتوو بێت.

**2/1- پرسیارەکانی توێژینەوە:** لەهەر توێژینەوەیەك چەند پرسیارێك یاخود کۆمەڵە پرسیارێکی لەخۆدەگرێتەوە، لەم توێژینەویەدا لە چواچیوەی پرسیاری (چۆن دەکرێت سوود لە پەیوەندی سیاسی لە رێگەی بەبازارکردنی سیاسیدا وەربگیرێت) ئەم پرسیارانەی خوارەوە لێوە دەردەکەوێت:

- گرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسیدا چین؟
- چەمك و بنەماکانی بە بازارکردنی سیاسی چین؟
- شێوازە کاریگەرییەکانی پەیوەندیکردن بۆ بە بازارکردنی سیاسیدا چین؟
- شێواز و تەکنیکەکانی پەیوەندییکردن لەبازاڕکردنی سیاسی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چین؟

**3/1- گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە لەوەدا دەردەکەویت تا چەند بابەتەکە نوێیە و سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگاکە، لەم توێژینەوەیەدا رادەی شێوازی پەیوەندیکردن و تەکنیکی بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسیدا لە هەریمی کوردستان دەخاتەڕوو و ئاستی کاریگەری لەسەر سەرنجراکێشانی خەڵك بۆ بابەتە سیاسییەکان دەستنیشان دەکات، کە تا چەند ئەم شێواز و تەکنیکانە ئاشکرا و پانتایی فراوانتر لەخۆبگرێت، کاریگەریی زیاتری لەسەر خەڵك دەبێت.

**4/1- ئامانجەکانی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەك پێویستە ئامانجێکی دیارکراوی خۆێ هەبێت یان کۆمەڵە ئامانجی سەرەکی لەخۆبگرێت، لەم توێژینەویەدا ئامانج ئەوەیە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لە تەکنیکی بەبازاکردنی سیاسیی لە هەریمی کوردستاندا بەتایبەتی لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا.

**5/1- رێبازی توێژینەوە: رێباز** بریتییە لەو رێگا و رێکارییە زانستیانەی کە توێژەر دەگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا رێبازی وەسفی پەیڕەوکراوە.

6/1- جۆری رێبازی توێژینەوە: جۆری رێبازی توێژینەوە واتە ئەو شێوازە یا ئەو رێگایەی کە گیراوەتەبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامە داواکراوەکانی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی ناوەرۆکە لەرووی چەندی و لەرووی جۆری.

**7/1- کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەو بوارەی کە توێژەر دەیەوێت کاری لەسەر بکات و ئەنجامی توێژینەوەکەی بەسەردا گشتگیر بکات، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەویە بریتییە لە شیوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لەلایەن هەردوو پارتە سەرەکییەی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان) لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستادا- 2018 لە نێو دەنگدەراندا.

**8/1- سامپلی توێژینەوە:** سامپڵ بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، و سامپڵی ئەم توێژینەویە بریتییە لە شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی بۆ بەبازاکردنی سیاسی هەردوو پارتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا ساڵی 2018 لەهەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر-سلێمانی– دهۆك- هەڵبجە).

**9/1- کەرەستەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی زانستی بەکارهێنراو بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان بریتین لە: (1- تێبینی، 2- چاوپێکەوتن، 3- فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك).

**10/1- ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** ئاستەنگی سەرەکی لەم تویژینەوەیە ئەوەیە کەمی سەرچاوەی پێویست و نەبوونی توێژینەوەی هاوشێوە و نەبوونی هاوکاری لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار.

**11/1- توێژینەوەکانی پێشو:** هەر توێژینەوەیەکی تایبەت بە شیوازەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن کە پێشتر ئەنجامدرابێت بەجۆرێك دەتوانین سوودی لێوەربگرین، لە بواری سیاسی، بێگومان هەر توێژەرێك دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ توێژینەوە و بابەتەکانی بیانی و هەرێمی و ناوخۆیی لەگەڵ دیاریکردنی ئامانجەکانی و گرنگترین ئەنجامە پێگەیشتووەکانی دەتوانین سوودی لێوەربگرین کە هاوشێوەی توێژینەوەکەمان بێت، بۆنموونە:

**1-11/1- توێژینەوەی بیانی:** توێژینەوەیەکی ئەکادیمي بە ناونیشانی (چەمکە کلیلیەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی) لە نووسینی دارین لیللیکەر لە بلاوکراوەکانی (سێیج) ساڵی 2006، ئەم لێکۆلینەوەیە پێشەکیەکی سیستێماتیك و روونە بۆ چەمکە سەرەکیەکانی پێکهاتە و بەکارهێنانەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی. لیللیکەر زیاتر لە ٥٠ چەمکی سەرەکی لە پەیوەندیکردی سیاسی دا دەخاتە روو کە پێکەوە ژمارەیەك تیۆری جیاواز پێشکێش دەکەن. هەر دوو لای تیۆری و پراکتیکی پەیوەندیکردنی سیاسی لە پێشکەوتنە سەردەمیەکانی سیاسی دا لەم باسەدا دەخاتەروو. لە ئەنجامدا دەردەخات گرنگی زانینی چەمکەکان بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان کە هاوکارن بۆ دەستخستنی ئامانجە چاوەروانکراوەکانی ئەم پەیوەندییانە. لەم توێژینەوەیە تێبینی دەکرێت کە توێژەری ئەم بابەتە زیاتر جەختی لەسەر بنەما سەرەتاییەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی کردووە، و ئامراز و جۆر و شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لەرووی رۆڵ و کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی ئەم جۆرە پەیوەندییە سیاسییانە کەمتر تیشکی خستۆتەسەر.

**2-11/1- توێژینەوەی عەرەبی:** ماستەرنامەی کرمل ولید حسن (2016) بەناونیشانی: (کاریگەری گوتاری سیاسی فەرمی بۆ دەسەڵاتی فەلەستین 2012 – 2015 لەسەر لایەنگیریکردنی نوخبەی سیاسی فەلەستینی بۆ سیاسەتی گشتی)، ئەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدی شیکردنەوەی گوتاری میدیایی بەکارهێناوە, لێکۆڵینەوەکە پێوەری رای بەکارهێناوە لە میانەی هەندێ پرسیاری روونەوە ئاراستەی 200 کەس لە دەستەبژێر (نخبە)ی سیاسی کراوە، بە ئامانجی زانینی کاریگەری گوتاری سیاسی فەرمی لەسەر دەستەبژێری سیاسی فەلەستینی، لە جۆری پەیوەندییەکە توێژەر گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك، گوتاری سیاسی سەرۆکی فەلەستین لەنێوان 2012 تاکو 2015 پەیوەندییەکی بەهێز و توند بووە، کە تاکە کەسی لە بریارداندا دەردەخات بەوەی گوتارەکە ئاراستەی دەرەوە دەکات بەبێ بوونی هاوسەنگی لەگەڵ ناوەخۆی فەلەستین و پێویستییەکانی، ئەمەش بووە هۆی لاوازکردنی لایەنگیرانی لە دەستەی سیاسی فەلەستینی هەڵبژاردە بۆ هەڵوێستی گوتارەکە. لەم توێژینەوەیە تێبینی دەکرێت کە توێژەری ئەم بابەتە زیاتر یەك لایەنەی پەیوەندی سیاسی خستۆتەروو و لایەنەکانی تری پەیوەندی سیاسی باس نەکردووە، ئەویش گوتارەکانی سەرۆکی فەلەستینی بووە و گوتارەکانی تری فەرامۆش کردووە وەك گوتارە میدیاییەکانی ئەو ماوەیەدا.

**3-11/1- توێژینەوەی عیراقی:** توێژینەوەی دکتۆرای جلیل وادی حمود (2000) بەناونیشانی: (الخطاب الاعلامی و الازمة السیاسیة الدولیە)، توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی بۆ سەروتاری سێ رۆژنامەی عیراقی (الجمهوریة، الثورة، القادسیة)، بەکارهێناوە، بە ئامانجی شیکردنەوەی بۆ (145) گوتاری رۆژنامەوانی. تیایدا گوتاری راگەیاندنی عیراقی شیکردۆتەوە لە کاتی بەرێوەبردنی قەیرانە سیاسیەکاندا لە ماوەی ساڵانی (1991-1998). بەو پێیەی گوتارە سیاسییەکەی رۆژنامەوانی بیرۆکە و بیروباوەری بەرهەمهێنەرەکەی دەردەبریت. لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ستراتیژیەتێکی تایبەت و روون بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا نەبووە. جگە لەمەش پەیوەندیکاران پابەند نەبوونە بە بنەما و رێساکانی بەرێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان، شێوازی پەیوەندیکردنی میدیایی وەك کاردانەوە (رد فعل) هاتووە، نەك وەکو کردار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پلانی دەزگا رۆژنامەوانییەکان بۆ پەیوەندیکردنی رێکخراو نەبووە. هەروەها شێوازەکەشی بە جۆری راکێشانی سۆز و عاتیفە بووە . لەم توێژینەوەیە تێبینی دەکرێت کە توێژەری ئەم بابەتە لایەنی کاریگەری ئەم گوتارە نەخستۆتەروو و تەنها جەختی کردۆتە سەر شیکردنەوەی ناوەرۆك کەچی خۆی شێوازی پەیوەندیکردنی سیاسی رۆڵی زیاتر دەردەکەوێت کاتێك لایەنی بەرامبەر بەشداری پێبکات کە جەماوەرکەیەتی.

**4-11/1- توێژینەوەی کوردستانی:** توێژینەوەی جوان بهاءالدین علی (2007) بەناونیشانی: (الحملات الاعلامیة فی تلفزیون شعب کوردستان) دراسە تحلیلیە للحملات الاعلامیە الخاصە بالقائمە 730 انموذجا" ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بەئامانجی خستنەرووی شیکردنەوەی ناوەرۆك لە هەڵمەتەکانی راگەیاندن بۆ هەڵبژاردنەکان لە بەرنامە پەخشکراوەکانی

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، لەماوەی مانگێگی بانگەشەی هەڵبژاردن 2005/11/12 تا رۆژی راگرتنی رێکەوتی 2005/12/12 کاری کردووه. لە ئەنجامدا کۆی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی میدیایی بۆ 778 خولەك لە بەرنامەکانی چاوپێکەوتن بۆ 18 بەرنامە و 36 دروشم و دوو سرود و چوار دراما بوو. کە ئەم بەرنامەی چاوپێکەوتن بینەری لە هەموو بابەتەکانی دیکەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن (دروشم، سرود، دراما، بانگەشەی بەربژێرەکان) زیاتر بوو. بابەتی پەیوەندیدار بە دەسکەوتی سیاسی، دۆسیەی کورد، مافی مرۆڤ، دەسکەوتی ئابووی، لە هەموویان زیاتر وروژێنراون. لەم توێژینەوەیە بە هەمان شێوە تەنها لایەنی شیکردنەوەی ناوەرۆك کراوە بۆ بابەتی هەڵمەتەکانی میدیایی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەلام کاریگەری پەیامی ئەم هەڵمەتە لەسەر خەڵك فەرامۆش کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی توێژینەوەکەی و ناتەواوی جۆری پەیوەندیکردنەکە دەخاتەروو.

**12/1- چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**1-12/1 پەیوەندیکردن:** پرۆسەیەکە بۆ ناردنی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر کە بەپێی سیستەمێکی گونجاو ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی گەیشتن بەجەماوەری مەبەستدار، لە رێگەی پەیامێکەوە ناوەڕۆکەکەی بەباشی ئامادە دەکرێت و دەنێردرێت. لەم توێژینەوەیە مەبەست لە پەیوەندی نێوان حیزبە سیاسییەکان و جەماوەرەکەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

**2-12/1 شێوازی پەیوەندیکرن:** مەبەست لە شێوازی پەیوەندیکردن لەم توێژینەوەیە هەموو ئەو رێگا و شێوە و ئامراز و هۆکارانەی کە لە رێگەیانەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەنجام دەدرێت.

**3-12/1 پەیوەندیکردنی سیاسی:** مەبەست لەو جۆر و شێوازە پەیوەندیانە لە نێوان دەسەلات و جەماوەردا کە مەبەستی سەرەکییان بە دەستهێنانی ئامانجێکی سیاسیدا.

**4-12/1 هەڵمەت:** کۆمەڵێك چالاکی فرە چەشنە لەماوەیەکی دیاریکراودا، لەلایەن کەسانێك یاخود دەزگایەك بۆ مەبەستێکی دیارکراودا جێ بەجێ دەکرێت. ئەم چالاکیە پەیوەندیکردنە بەشێوەیەکی ڕێك و پلان بۆ دارێژراوە، لەژێر چاودێری و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندایە، کە دامەزراوەکان و کۆمەڵەکان و تاکەکان بەم کارە هەڵدەستن بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەك درێژە دەکێشێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی جیاواز بۆ ناردنی پەیامێك، بە پشتبەستن بە شێوازی کاریگەر، لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە، کە هاوڕا دەبێت یاخود دژی دەبێت، تا ڕادەیەکیش مەبەستی جەماوەرێکی زۆرە.

**5-12/1 هەڵمەتی میدیایی:** مەبەست لە جۆرە هەڵمەتانە کە لەرێگەی ئامرازێك لە ئامرازەکانی میدیاییدا ئەنجامدەدرێت.

**6-12/1 هەڵبژاردن:** پرۆسەیەکی سیاسیی دیموکراسییە بۆ دەربڕینی خواستەکانی گەل و ئارەزووەکانی، دەربارەی بابەتێك یان کەسایەتییەکی سیاسی یان چارەنووسساز.

**7-12/1 هەڵمەتی هەڵبژاردن:** کۆمەڵێك چالاکی حیزب یان پاڵێوراو خۆی پێی هەڵدەستێ بەمەبەستی پیشاندانی وێنەیەکی باش بۆ جەماوەر و دەنگدەران لەبارەی سیاسەتێکی دیارکراو و ئامانجەکانیەوە. بە پێی رێکارێکی یاسایی بۆ رەوایەتیدان بە پیادەکردنی دەسەڵات بەناوی گەلەوە، لەم ڕێگایەوە لایەنە سیاسییەکان دەکەونە کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی متمانەی گەل. ۆکارێکە بۆ بەشدارپێکردنی گەل لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا. بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا. کە لە ماوەی پێش هەڵبژاردنەکان بە فەرمی و بەپێی یاسایەکی دیاریکراوە، پاڵێوراوان بەرنامەکانی خۆیان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەنجامیدەدەن بە هەماهەنگی و پەیوەندیکردنێکی سیاسی پلان بۆ دارێژراو و ڕێکخراوە لەژێر چاودێری و هەڵسەنگاندندا دەبێت، لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن و شێوازی رازیکردنی دەنگدەران.

**8-12/1 هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان:** لەم توێژینەوەیە مەبەست لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی 2018 ی هەرێمی کوردستانە. ئەو پرۆسەیە، کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دەربڕینی ڕای خۆیان لە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان بۆ کایە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات، ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان دەکەن و بە ئازادی نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان دەکەن. لەم چوار چێوەیەشدا پارتە کوردستانییەکان و کەسانی سەربەخۆ، هەوڵەکانی خۆیان لە ڕێگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی، بەگەڕ دەخەن.

**9-12/1 دەنگدەر:** ئەو کەسەیە مافی دەنگدانی هەیە، لایەنێکی سەرەکییە لە هەڵبژاردندا، کە هەڵگری ئەو مەرجانە بن بتوانن دەنگبدەن بۆ نموونە: تەمەنی لەسەرووی هەژدە ساڵ بێت، هەڵگری ڕەگەزنامە یان هاوڵاتی ئەو ناوچەیە بێت.

**10-12/1 بەبازارکردن:** چالاکییەکی پەیوەندیکردنە، ئامانجی سەرەکی جەماوەرە و بۆ سوودی کۆمەڵگە کار دەکات، بێ بەرامبەرە و لەپێناو بەرژەوەندی خەڵك و باوەڕپێهێنانیان بە بابەتێکی دیارکراودا کاردەکات.

**11-12/1 بەبازارکردنی سیاسی:** ئەو چالاکییەکە پەیوەندیکردنەیە کە بۆ مەبەستێکی سیاسی و باوەڕپێهێنانی خەڵکدا لە بابەتێکی دیارکراودا کاردەکات. لەم توێژینەویە مەبەست لەو ئامراز و شێوازانەی بەبازاکردنی سیاسی بە مەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی 2018ی هەرێمی کوردستاندا بەکارهێنراوە.

**2- پەیوەندیکردنی سیاسی و بەبازارکردنی وەك ئامرازیکی سەرەکی**

**1/2- پەیوەندیکردنی سیاسی (التواصل السياسي – Political Communication)**

پەیوەندیکردنی سیاسی دیاردەیەکی جیهانیە، کە لە سیستەمە دیمۆکراسیەکاندا پارتەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام و سەرکەوتنی باشتری سیاسی، بەپشت بەستن بە ستراتیژیەکی پلان بۆ دارێژراو، بەکاریدەهێنن. پەیوەندیکردنی سیاسی بریتیە لە بەکارهێنانی تەکنیکی پرۆفێشنال بۆ بەرێوەبردنی پەیوەندیکردنی سیاسی، وەك: ریکلام، پەیامی سیاسی، پەیوەندی گشتی، پێشخستن و بەرەوپێشبردنی ئەو وێنەیەی کە مەبەستە .(Mayhew, 2007; Scammel 2007:119-123,150-156). زانایان هاوڕان کە "ئاستی بەرزی زانین، پەیوەندی پۆزەتیڤی هەیە لەگەڵ باشتر تێگەیشتن لە پرۆسە سیاسیەکان). (Carpini & Keeter, 1996: 314-317). ئەمەش لەبەرئەوەیە کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئاستی زانیاری خەڵك و دیمۆکراسیدا هەیە، بەو پێیەی کە بۆ بڕیاردان لە سەر نوێنەرانی خۆیان و بگرە لە سەر ژیانی رۆژانەی خۆیان، خەڵك پێویستیان بە زانیاری هەیە. هەر لەمبارەیەوە، لێکۆلینەوەکان وای بۆ دەچن کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوان بڕیاری دەنگدەر و چۆنێتی بەدەستهێنانی زانیاری دەنگدەر هەیە، هەروەها چۆنێتی کۆکردنەوە، ناردن و پێشکەشکردنی زانیاری بە دەنگدەر، کاریگەری هەیە لە سەر بڕیاری دەنگدان (Arcuri, Castelli, Galdi, Zogmaister, & Amadori, 2008). زانیاری دەنگدەر و دەنگدەرێکی خاوەن زانیاری تەنها لە کۆتا رۆژەکانی بانگەشە و لەو کاتانەی نزیکن لە رۆژی دەنگدان دروست نابن، بەڵکو زانیاری بەخشین و دروستکردنی دەنگدەرێکی بەئاگا پرۆسەیەکی بەردەوامە و هاوکات یەکێکە لە پایەکانی دیمۆکراسی. لێرەدا پارتە سیاسیەکان لە سیستەمێکی دیمۆکراسی فرەنوێنەرایەتیدا سوود لەم بنچینەیە وەردەگرن و لەرێگەی پەیوەندیکردنی سیاسیەوە هەوڵ دەدەن ئەو زانیاری و پەیامانە بگەیننە خەڵك و دەنگدەر کە لە بەرژەوەندی ئاجێندا و پرۆگرامی سیاسی ئەواندا بێت.

بەگشتی سوودی هەبوونی دەنگدەری بەئاگا و خاوەن زانیاری لە زیانەکەی گەورەترە و هیچ نەبێت دەنگدەری خاوەن زانیاری کە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە وەریدەگرێت بڕیاری دەنگدان لەلای دروست دەبێت، لە ئەنجامدا هۆکارێکە بۆ بەرزبوونی رێژەی بەشداری لە هەڵبژاردن دا( Karp & Banducci, 2007: 217-234). لەڕێگەی پەیوەندیکردن، پارتەکان زانیاری دەگوازنەوە، دووبارە دڵنیایی دەنگدەر وەردەگرنەوە و کاریگەریان لێ دەکەن. لەبەرئەوە، پەیوەندیکردن بەگشتی شان بە شانی سیاسەت باسی لێوە دەکرێت و ئەدەبیاتێکی بەرفراوانی زانستی لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و پەیوەندیکردن دەکۆڵێتەوە (McNair, 2017; Kenski and Jamieson, 2017; Brants and Voltmer, 2011; Cap and Okulska, 2013: 15-26; 1-11; 11-15; 8-11). هەر لەبەرئەوەیە کە تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر و کۆك بۆ پەیوەندیکردنی سیاسی ئەستەمە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پێناسەی بکەین بەوەی کە "فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری پەیوەندیکردنە، کە لەلایەن سیاسەتوانان و ئەکتەرە سیاسیەکانەوە بۆ مەرامی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەکاردێت". (McNair, 1995: 4) بەم پێیە لە کاتی کەمپەین (هەڵمەت) یان هەر پێداویستیەکی دیکەی پەیامگەیاندنی سیاسیدا، هەموو ئامرازە بەردەستەکانی پەیوەندیکردن بەکاردێت، لە ئامرازە کۆن و کلاسیکەکانەوە تا ئامرازی بینراو و بیسراو و تا میدیای نوێ و تەکنۆلۆژیا.

هەروەك ئاماژەمان پێدا، پەیوەندیکردنی سیاسی لە پرۆسەی دیمۆکراسیدا پێویستیەکی بەردەوام و بێ دابڕانە و تەنها پەیوەست نیە بە کاتی هەڵمەتی هەڵبژرادن. لەکاتی هەڵبژاردن و لەماوەی نێوان دوو هەڵبژاردندا، پارتەکان بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەگەڵ ئەندام، لایەنگر و دەنگدەران لە پەیوەندیکردنداان. پارتە سیاسیەکان بەرێگەی پەیوەندیکردنی راستەوخۆ، کە بریتییە لە کۆمەڵێك دیدار و کارلێکی دوولایەن، لە نێوان پارت و وەرگرە سیاسیەکاندا، وەکو کۆڕ و کۆبوونەوە، نامە و ئیمەیل، پەیوەندی تەلەفۆنی، پەیوەندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی، پەیوەندیکردنی سیاسی ئەنجام دەدەن. هەروەها، بەرێگەی پەیوەندیکردنی ناراستەوخۆ، کە بریتیە لە تێکەڵبوونی لایەنی سێیەم لە نێوان نێردەر و وەرگری پەیامی سیاسیدا وەکو میدیا، رۆژنامەنووس، ئەکتەر و کەسایەتیە بەناوبانگەکان، پەیوەندیکردنی سیاسی ئەنجام دەدەن. سەرەڕای ئەم دوو شێوازە باوەی پەیوەندیکردن، لە سەردەمی ئێستا و ئەو خێراییەی لە میدیای نوێ و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیادا هەیە، دەکرێت باس لە جۆرە پەیوەندیکردنێکی دیکە بکەین کە بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ هەردوو جۆری پەیوەندیکردن لە یەك پەیوەندیکردندا

کۆدەبنەوە، ئەویش میدیای نوێ، سۆشیال میدیا و ئینتەرنێتە، کە هاوکات پەیوەندیکار و بانگەشەکاران دەتوانن بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەندی سیاسی ئەنجام بدەن.

**2/2- بەبازارکردنی سیاسی وەکو ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردنی سیاسی**

پەیوەندیکردنی سیاسی بریتیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەبازارکردنی سیاسی، چەمك و پرەنسیپەکانی، لەگەڵ پلانێکی دیاریکراو و لە بانگەشەیەکی دیاریکراودا، کە پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان بۆ ئەم مەبەستە رێکخرابن. (Maarek, 1995: 28; Lilleker, 2006: 151). بەبازارکردنی سیاسی بە گشتی ئەوەیە کە بتوانی یەکەمجار ئەو کاندیدە هەڵبژێریت کە بە باشترین شێوە نزیك بێت لە خواستی خەڵك و دەنگدەر، هەروەها کاندیدێك بێت کە پارتەکەی بتوانێت بە ئاسانی بازاری بۆ پەیدا بکات و بیفرۆشێتە دەنگدەران (Wring, 2005: 6) . لێرەدا پارتی سیاسی وەکو بازرگان دەردەکەون، کە بە بەرهەمەکانیەوە (کاندید) لەگەڵ بەکاربەر و بکڕ (دەنگدەر) لە بازارێکی سیاسیدا سەودا دەکەن .(Savigny, 2006: 81-97) لە بازرگانیدا، بەبازارکردن لە بنچینەدا پەیوەندی بە رەفتار و کردەی دەزگا بازرگانیەکانەوە هەیە بەرامبەر بە کریار و بەکاربەر، لە بەرامبەردا لە سیاسەتدا پەیوەندی هەیە بە دەزگا سیاسیەکان و ئەدای ئەوان بەرامبەر بە هاوڵاتی و دەنگدەر. هەرچەندە دەزگا سیاسیەکان جیاوازیان هەیە لە دەزگا بازرگانیەکان لە زۆر رووەدا، بەڵام زۆربەی کات دەزگا سیاسیەکان هەمان ئامرازی دەزگا بازرگانیەکان بەکاردێنن بۆ رازیکردنی خەڵك.

کاتێك باس لە حیزبی سیاسی دەکەین وەکو دامەزراوەیەك، ئەوا لەسەر دوو جۆر پەیوەندی دەدوێین: پەیوەندی ناوخۆیی و پەیوەندی دەرەکی، قسەکردن لەبارەی پەیوەندی ناوەوە قسەکردنە لەسەر کۆمەڵێك کارلێکەری وەزیفی و رێکخستن لەنێو رێکخستنی حیزبیدا، بەڵام پەیوەندی دەرەکی، مەبەستمان پەیوەندی حیزبی سیاسییە بە هەموو کارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و ئایدیۆلۆژی دەرەکییەوە. لەنێوان ئەو ئامرازە سیاسییانە، کە حیزبی سیاسی پشتی پێ دەبەستێت، شێوازی گفتوگۆو رازیکردنە، کە لە ئامرازە گرنگەکانن بۆ بەدیهێنانی یەکێتی و یەکریزی ناوخۆیی و حیزبی. بۆچوونی ئەندامەکانی کە لە یەك دوورن لەیەکیان نزیکدەکاتەوە، هەروەها هەڵوێست و بەرنامەکانی، بەهۆی ڕاوبۆچوون و زانیارییەکانەوە هەڵوێستەکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت. (شریط، 1998: 257). دکتۆر بوقشور محمد دەڵێت: (هەموو باسی دیموکراسی دەکەن بەوەی چارەسەریەکی تەواوی هەموو ئەو نەخۆشیانەیە، کە کۆمەڵگا تووشی دەبێت، کلیلی جادوویە، هەموو دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە، بەڵام هەموو ئەوە لەبیر دەکەن، کەوا دیموکراسی خۆی پێویستی بە کلیلێکە کۆدەکەی بکاتەوە، چونکە دیموکراسی وەکو (جۆرج طرابیشی) جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە بنەرەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت ببێتە سیستەمی دەسەڵات، بێ ئەوەی ببێتە سیستەمێك بۆ کۆمەڵ، چونکە دیموکراسی لەدوا شیکردنەوەیدا رۆشنبیری و رێکخستنی بەها دابینکراوەکانە. کاتێك تۆوی دیموکراسی دەچێنرێت، ئەوا تۆوێکە بەر لەوەی پێبگات بە چەند جار نرخی خۆی دێنێتەوە. لەبارەی شێوازی ئەم گوتارەوە بە هەردوو بەشەکەیەوە، گوتراو و بیسترا، دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەوا پەیوەندی یەکەم سیفەت و بنەمایە کە ناسنامەی مرۆڤ دیاریدەکات. (محمد، 2017: 76). هەموو گوتارێکی سیاسی لەسەر کۆمەڵێك چوارچێوەی تیۆری بەندە، کە ئەویش بەلای خۆیەوە لەسەر کۆمەڵێك مانای دەقدا بەندە، بۆ دامەزراندنی وێنەیەکی زیهنی وەرگر، کە تیایدا دیاردەی سیاسی لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، ئاستی گرێدانی لۆژیکی لە بونیادنانی گوتاردا، ئاستی توانا بۆ کاراکردنی کاری سیاسی لەلایەك، کارو کردەی حیزبی لەلایەکیدیکەوە. (عبدالحي، 2013: 503). شێوازی پەیوەندی بە گوتاری سیاسییەوە بەندە و گرێدراوە، پەیوەندی کردن، بەبێ تێکەڵبوونی سیاسەت نابێت، واتە شێوازی پەیوەندی رەنگە ببێتە پەیوەندی سیاسی یان بە پێچەوانەوە، ئەمە بەیەکەوە گرێدانیان دەردەخات، بەرادەیەك ئێمە زۆر دەخوێنینەوەو دەڵێین: پەیوەندی و سیاسەت یانی سیاسەت و پەویەندی بیرۆکەی سیاسەتمەداران پێکدێنێت وە دەیانگوازێتەوە بۆ وەرگر بە پێی شێوازەکانی پەیوەندی بگوازرێتەوە بۆ خەڵك و وەسف بکرێت و راڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت. (علي،2001: 387). لەبەرئەوەی شێوازی پەیوەندی، ئامرازێکە بۆ سیاسەتکردن، ئەویش توانای کارلێکردنی هەیە لەسەر عەقل و ئاراستەکانی خەلکی. (ماکویل) کە زانایەکی کۆمەڵناسییە لە شێوازەکانی پەیوەندیکردن، دەڵێ: (ئێمە دەتوانین بەدوای هەندێك دیاردە دابڕۆین لەسەر چەند ئاستێك، بەتایبەتی ڕاو بیروباوەر، کە ئەم دوانە لە بابەتی ڕای تاکە و دەربڕینی بە کۆمەڵی دامەزراوە و کۆمەڵگاکانە، هەروەها لەلایەکی ترەوە، وا پێویست دەکات لەسەرمان، کاریگەری ئامرازەکانی پەیوەندی کردن لە چۆنیەتی کارکردنی دامەزراوەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. تەماشای پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کەسانە بکەین، کە ڕۆڵی جۆراوجۆریان هەیە لە پێکهێنانی ئەو ڕۆڵانە و ناوەڕۆکەکانیان. سیاسەت نموونەیەکی گونجاوە، کە ڕەنگە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن نەك هەر کار بکاتە سەر ڕاوبۆچوونە سیاسییەکانی تاك، بەڵکو لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ڕێگای رێکخستنی چالاکیەکانیشی. (ماکویل، 1992: 195).

لە بەردەوامی ئەم بەراوردەدا لە نێوان بازرگانی و سیاسەتدا (هەروەك لە خشتەی یەکەم دیارە)، دەکرێت بڵێین کە پارتە سیاسیەکان زانیاری لەسەر کۆمەڵگا (بازاری سیاسی) بەدەستدەهێنن بۆ دەستنیشانکردنی خواستەکانی خەڵك و هەوڵی ریکلام و فروشتنی بەرهەمی خۆیان (کاندید و بەرنامەی سیاسی) بە خەلك دەدەن. بۆیە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە پێناسەی بەبازارکردنی سیاسی بریتیە لە خوێندنەوە و لێکۆلینەوە لە پەیوەندی نێوان سازیە سیاسیەکان و خواست و داخوازیەکانی بازارەکەی (Lilleker and Marshment, 2005: 28-32). بەواتایەکی تر، لە دەستەواژەی سیاسیدا دەکرێت بڵێین کە بەرهەم بە مانای ئەدای پارتی سیاسی، کاراکتەر و سەنگی سەرکردە سیاسیەکانی و کاندیدەکانی دێت.

| بەبازارکردنی سیاسی | | بەبازارکردنی بازرگانی | |
|---|---|---|---|
| چەمکی پارتی سیاسی | رێکخستنێکی ناوخۆیی رێکخراو و پشتبەستوو بە سەرکردایەتی و بەرنامەی سیاسی | چەمکی بازرگانی | پەیوەندی نێوان بەرهەم و خواست، کە بەرهەمێك زۆر دەفرۆشرێت، خواستی لەسەر زۆر دەبێت |
| چەمکی بەرهەم | رێکخستنی ناوخۆیی پارتی سیاسی بە سەرکردایەتی کارامە و کەسایەتی کاریزما و کاراکتەرە سیاسیە کاریگەرەکان، کە تەرکیز لە سەر کاندید دەکات (دۆزینەوە و پێشکەشکردنی باشترین کاندید) | | باشترین کوالیتی بەرهەم کە خواست بۆ باشترین فرۆشتن دروست بکات (براند) |
| چەمکی فرۆشتن | ئامادەکردن یان پیشاندانی کاندید بە باشترین رێگای قبوڵکردنی دەنگدەر | | دۆزینەوەی مارکێت و پێشکێشکردنی بەردەوامی بەرهەمی نوێ بە پێی خواستی مارکێت |
| چەمکی بەبازارکردن | کاندیدسازی بە پێی خواستی دەنگدەر، دروست کردنی ئەو پەیامەی دەنگدەر دەیەوێت ببیستێت (داتا و راپرسی) | | هێنانی بەرهەم بە پێی خواستی بازاڕ (لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی داتا) |

(Adopted and modified from Schafferer, 2006: 3)

بەپێی خشتەی سەرەوە، پارتی سیاسی لە کاتی هەر بانگەشەیەکدا وەکو بازرگانێکی کارامە و پرۆفێشنال، باشترین هەول دەدات کە بەرهەمی خۆی بەبازاربکات و بفرۆشێت، بەو پێیەی کە بەرهەمی پارتی سیاسی بریتیە لە سەرکردەکان و کار و چالاکیەکانی پارتەکە. لەوانەیە پارتێکی سیاسی ژمارەیەکی زۆر ئامانجی هەبێت، بەڵام ئامانجی سەرەکی پارتەکان بردنەوەی هەڵبژاردنە و بەردەوامیە لە بردنەوە، بۆ ئەم بەردەوامیە هەوڵیان ئەوەیە کە داخوازیەکانی دەنگدەرانیان بەدیبهێنن. هەر بۆیەش هەر پارتێکی سیاسی جۆگرافیای بازاری خۆی و قەبارە و هێزەکەی دەزانێت.

بە گشتی پارتە سیاسیەکان کێشەیان لە پەیوەندیکردنی سیاسیدا هەیە، بەو پێیەی کە لە پێشکێشکردنی بەرنامە و لە دۆزینەوەی کاندیدەکانیان بەپێی خواست و خەسلەتەکانی بازار تۆشی کێشە دەبن. یەکەمین پرسیاری سەخت کە رووبەرووی پارتەکان دەبێتەوە ئەمەیە: چۆن لەگەل دەنگدەر (کە گرنگترین پێکهاتەی پەیوەندیکردنی سیاسیە) پەیوەندی بکەم؟ دەنگدەر بەدوای ئەو پارتە سیاسیەدا دەگەڕێت کە نزیکترینە لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی، ئەو بۆچوونانەی کە لە ماوەی نێوان بانگەشەیەك و بانگەشەیەکی دیکەدا قابیلی گۆڕانکاریە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە پەیوەندیکردنێکی بەردوام و ستراتێژیك لە بەرژەوەندی هەر پارتێکی سیاسی دایە. لەبەرئەوە بۆ پەیوەندیکردنی سیاسی سەرکەوتوو، هەر پارتێکی سیاسی پێویستە لە ڕاوبۆچوونی دەنگدەر نزیك بێت بۆئەوەی ئەولەویات و خواستەکانی دەنگدەر بزانێت و لە بەرنامە و بانگەشەی خۆیدا بەکاریان بهێنێت. بۆیە کلیلی سەرکەوتنی

پەیوەندیکردنی سیاسی بەپێی ئەولەویاتی بازاری سیاسی، وەرگرتنی زانیاری تەواوە دەربارەی رەفتار، ئەولەویات و خواستەکانی دەنگدەر.

**3/2- پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان**

مێژووی پەیوەندیکردنی سیاسی بەگشتی دەگەرێتەوە بۆ ئەمریکا، شێوازی پەیوەندیکردنی سیاسی ئەمریکی باوترە و لە هەموو جیهاندا هەر ئەوە پەیرەو دەکرێت (Lilleker, 2006: 31)؛ (Hallin and Mancini, 2004: 25-44).

لێکۆڵینەوە و داتای پێویست لە سەر مێژووی پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان نییە و لەم بوارەدا کاری زانستی و ئەرشیفی ئەنجام نەدراوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەندیکردنی سیاسی بەستراوە بە هەبوونی زەمینەی لەبار لە کەشێکی دیمۆکراسی کە ئازادی رادەربرین و ئازادی چالاکی سیاسی هەبێت، دەکرێت بڵێین کە مێژووی پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە کۆن نیە. هەروەك دیارە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد کە تێیدا بە ئازادی ژمارەیەك پارتی سیاسی بەشداربوون، لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجام درا. دەکرێت بڵێین کە یەکەم بەکارهێنانەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ و هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان. چونکە پێشتر و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراق و لە هەر دوو سەردەمی شانشینی و کۆماریەکان ئازادییەکی ئەوتو بۆ دەربرینی ڕا و بۆچوون نەبوو و جگە لەوەی کە سیستەمەکە دوور بوو لە فرەحزبی، تاکرەوانە و لە کەشێی دیکتاتۆریدا هەڵبژاردن دەکرا.

لوود هۆف، میخاییل لیزێنبێرگ و پیتەر مولەر، کە چاودێری نێودەولەتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ بوون لە دەڤەری دژەفرینی هێلی ٣٦ لە باکووری عێراق (*) کتێبێکیان لە سەر ئەزموونی خۆیان نووسیوە بە ناوی (هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، ١٩ی مارسی ١٩٩٢، ئەزمونێك لە دیمۆکراسیدا)، کە تێیدا باسی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن لە پارێزگاکانی کوردستان و ئەو شتانەی کە بە چاوی خۆیان بینیویانە لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن لە کوردستان. ئەمە یەکێکە لە تاکە سەرچاوەکان کە باسی یەکەم بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان دەکات. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە، ئەو بانگەشەی لەو کاتەدا دەکرا، بریتی بوو لە کۆبوونەوەی جیا جیا کە چالاکی سەرەکی ئاهەنگی و هەڵپەرکێ بوو. جگە لەوە، هەر پارتێکی سیاسی، لە جیاتی سلۆگان و دروشمی سیاسی، رەنگێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. هەوادارانی دوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستان، پارتی بە رەنگی زەرد و یەکێتی بە رەنگی سەوز، لە کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا دیار دەبوون. پارتە بچووکەکانی دیکەش بە رەنگی تایبەت بە خۆیان بانگەشەیان دەکرد، بۆ نموونە، پارتی گەل بە رەنگی کەسك و سۆر، سۆسیالیست بە رەنگی شین، شیوعی بە رەنگی سۆر، بزۆتنەوەی ئیسلامی بە رەنگی کەسك و سپی و شێوەی هیلال لە ناودا، سەربەخۆ دیمۆکراتەکان رەنگی سۆر و سپی، و حەرەکەی ئاشوری بە رەنگی مۆر. سەرەرای ئەمە، لەرووی بە کارهێنانی میدیا بۆ پەیوەندیکردنی سیاسی، هەر پارتێکی سیاسی رۆژنامەی خۆی هەبوو، کە وەك ئۆرگانی حیزب پشتگیری بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتەکانیان دەکرد. هەردوو پارتە سەرەکیەکە، پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستگەیشتنێکی بەرفراوانتریان هەبوو بە میدیا و هەردووکیان کەنالی تەلەڤزیۆنیان هەبوو کە تێیدا دەنگیان لە پارتەکانی دیکە زۆرتر دەگەیشتە دەنگدەر.

لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە و بە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنە سەتەلایتەکان یەکەمجار لە لایەن پارتی (کوردستان تیڤی)، پاشان لە لایەن یەکێتی (کوردسات)، پەیوەندیکردنی سیاسی پێی نایە نێو قۆناغێکی نوێ. جگە لەوەش زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان رۆژنامە، کەنالی تەلەڤزیۆنی و رادیۆییان هەبوو(**) کە وەك سەکۆیەك بۆ پەیوەندیکردنی سیاسی بەکاردەهێنران. لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە مۆدێلێکی نوێی پەیوەندیکردنی سیاسی لە رێگای میدیای ناراستەوخۆی سەر بە پارت و ئاجێندا سیاسیەکانی کوردستان دەستی پێکرد. بەو پێیەی کە بە ناوی میدیای ئەهلی، بێلایەن، سەربەخۆ و ناحیزبی ئیدیعایان دەکرد، کەچی سەر بە چ لایەن بوونیان لە چاوی خەڵك ون نەدەبوو. تا ئەمرۆش ئەم شێوازە بەردەوامە و شان بە شانی کەنالی پارتەکان، ژمارەیەك میدیای دیکەی پارتەکان هەن کە خۆیان بە سەربەخۆ، ئەهلی و ناپارتیزان دەزانن، کەچی ناراستەوخۆ سەر بە پارتەکانن و بەشێکن لە مەکینەی راگەیاندنی پارتەکانیان.

**3- لایەنی پراکتیکی**

**1/3- شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان**

**1-1/3- کۆبوونەوە جەماوەریەکان:** یەکێکە لە شێوازە هەرە باوەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی. پارتەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن کۆبوونەوەی گەورە و جەماوەری سازدەکەن، کە زۆربەی کات بە پەیام و ئامادەبوونی سەرکردە هەرە دیارەکانی پارتە

سیاسیەکان ئەنجام دەدرێن. جگە لەوەش لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارتەکان، کۆبوونەوەی بەردەوام لە شوێن و ناوچە جیاکان، بەپێی جۆگرافیای دەنگدەری پارتەکان ئەنجام دەدرێن. لە ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردندا، کە بەپێی یاسا چوار ساڵە، پارتەکان بەردەوام کۆبوونەوە بۆ مەبەست و مەرامی ڕێکخستن و پەیام گەیاندن بە خەڵك ئەنجام دەدەن.

**1/3-2- ڕێکلام و بانگەشە:** بەپێی توانا، پارتەکان تایبەتمەند و شارەزای بواری ریکلام بۆ ئەنجامدانی باشترین ریکلام لە بانگەشەدا بەکاردێنن. ئەم ریکلام و پەیامانە لەسەر سەکۆ میدیاییەکانی پارتەکان وەکو تەلەڤزیۆن، رادیۆ، چاپکراوەکان، هەروەها سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت پیشان دەدرێن و هۆنەرمەندان، گۆرانیبێژ و کاراکتەرە کۆمەڵایەتیەکانیش لەم ریکلامانەدا رۆڵ دەبینن.

**1/3-3- دیداری ڕووبەڕوو و سەردان:** یەکێك لە کارە هەرە سەرەکیەکانی کاندیدەکان لە هەرێمی کوردستان سەردان و دیداری ڕووبەڕووی خەڵکە. ئەمە لە کاتی بانگەشەدا پرۆگرامێکی رۆژانەی کاندیدەکانە و لە دوای بانگەشەش ئەندامانی پەرلەمان بە بەردەوامی سەردان دەکەن. هەر دیسان لەبەر سرۆشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان، لە مەراسیمە جیاوازەکان وەکو زەماوەند، تەعزیە، و دەیان سەردانی دیکە کە پەیوەندی راستەوخۆ دروست دەکات.

**1/3-4- کارت، برۆشۆر و کارنامەی هەڵبژاردن:** زۆرینەی کاندیدەکان کارتی بانگەشەی تایبەت بە خۆیان ئامادە دەکەن و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوی دەکەنەوە. ئەم کارتانە هەندێك زانیاری کورت و پوخت لە سەر کاندید، ژمارە و لیستی کاندید و هەروەها هەندێك جار شێوازی دەنگدان بە کاندید دیاریدەکەن. لە هەندێك حالەتی دەگمەندا، کاندیدان هەڵدەستن بە دروستکردنی برۆشۆر یان ئامادەکردنی کارنامەی تایبەت بە کاندید، کە زۆر جار، هاودژیەك لەنێوان کارنامەی کاندیدەکە و کارنامەی سەرەکی پارتەکەیدا دەبینرێت.


**1/3-5- پۆستەر و هەڵواسینی وێنەکان:** لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بە تایبەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە سیستەمی نیمچە کراوەیە و بە دەیان کاندید لە پارتە جیاجیاکانەوە بانگەشە دەکەن، سەنتەری شارەکان و شوێنە گشتیەکان بە پۆستەرە هەڵواسراوەکانی کاندیدان داگیر دەکرێن و پڕ دەبن. نەبوونی پلانی شارەوانیەکان بۆ پۆستەر و هەڵواسینی وێنەی کاندید جۆرە فەوزایەك، بەتایبەتی لە ناو سەنتەری شارەکاندا دروست دەکات.

**1/3-6- ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا:** بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە پلاتفۆرمە جیاجیاکانیەوە رۆژ بە رۆژ پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. پارتە سیاسیەکان، کاندید و بانگەشەکاران هەوڵ دەدەن بە فراوانترین شێوە بە دەنگدەرانی خۆیان بگەن و پەیامی خۆیان بگەیەنن. بەکاربەرانی سۆشیال میدیا بەزۆری دەنگدەرە گەنجەکانن، کە ئەوانیش زۆرینەی ڕێژەی دەنگدەران پێ دەهێنن و لەبەرئەوە گەیشتن بەوان، گرنگیەکی زۆری هەیە. جگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن، کۆمەڵێك رەفتاری هەڵبژاردن لە کوردستان دەردەکەون لەوانە؛ کڕینی دەنگ، کۆبوونەوەی عەشایری، سەیران و سۆز و بەڵێن و سەودای هەڵبژاردن. هەرچەندە ئەم رەفتارانە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی دەنگ و دەنگدەر، بەڵام شێواز و رێگای پرۆفێشناڵی پەیوەندیکردن بنچینەی سەرکەوتنی بەردەوامی سیاسیە.

**2/3- شیکردنەوەی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لەرووی چەندێتی:**


بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەویەمان دەستنیشان کردووە کە بریتییە لە شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی بۆ بەبازارکردنی سیاسی پارتە سەرەکییەکانی هەریمی کوردستان لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا ساڵی 2018. لێرەدا بەپێی خشتەی شێکردنەوەی ناوەرۆك لەرووی چەندێتی لە چەند خشتەیەکدا بەمشێوەیەی خوارەوە شیدەکەینەوە:

خشتەی ژمارە (1) لە سامپلی وەرگیراوی شیوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەخاتەروو




لە خشتەی ژمارە (1) سەبارەت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسی لە سامپلی وەرگیراو بۆ بەبازارکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەخاتەروو، بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەمر توێژینەوەیەمان وەرگیراوە لە نێوان (27) رۆژی بانگەشە تەنها (9) رۆژمان وەرگرتووە لە پێش هەڵبژاردنەکاندا، تیایدا هەر وەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە شێوازەکانی ناراستەوخۆ بە رێژەی سەدا (98%) کە رێژەیەکی زۆر بەرزە و لە ئاستی یەکەمدا دێت، و شێوازی بە کارهێنانی پەیوەندی راستەوخۆ بە رێژەی سەدا (2%) ی بانگەشەی بەکارهێنراوە کە رێژەکەی زۆر نزمە و لە ئاستی دووەمدا دێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شێوازانەی کە ناراستەوخۆن و رێکخراون لە رێگەی ئامرازەکانی میدیایی ئەنجام دەدرێن. واتە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کاریگەرترین شێواز بۆ بە بازارکردنی سیاسیدا لە رێگەی هەڵمەتەکانی میدیایی ئەنجام دەدرێت کە شێوازێکی ناراستەوخۆیە واتە لە رێگەی یەکێك لە ئامرازە سەرەکییەکانی میدیایی پەیرەودەکرێت هەروەها رێکخراوە لە رێگەی ئامادەکردنی ئەو پەیامانەی کە مەبەستە بنێردرێن بۆ جەماوەر بەشێوەی رێکخراو و پلان بۆ دارێژراو بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی و دەستخستنی کاریگەریی پێویست.


خشتەی ژمارە (2) لە سامپلی وەرگیراوی فاکتە کاریگەرییەکانی بۆ بەبازارکردنی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەخاتەروو




لە خشتەی ژمارە (2) سەبارەت بە فاکتەرەکانی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا بۆ بەکارهێنانی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سیاسي لە سامپلی وەرگیراو بۆ بەبازارکردنی سیاسي لە هەرێمی کوردستاندا دەخاتەروو، بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەمر توێژینەوەیەمان وەرگیراوە کە (9) رۆژمان وەرگرتووە، تیایدا بۆمان دەردەکەوێت فاکتەرەکانی کاریگەری لە ئاستی یەکەمدا (سیاسی) بووە و بەرێژەی (65%) دەرکەوتووە و فاکتی ئابووری بە پلەی دووەمدا دێت و بەرێژەی (11%) دەرکەوتووە و فاکتی رۆشنبیری بە پلەی سێیەمدا دێت و بەرێژەی (10%) دەرکەوتووە و فاکتی کۆمەلایەتی بە پلەی چوارەم دێت و بە رێژەی (6.8%) دەرکەوتووە، و فاکتی ئایینی بە پلەی پێنجەم دێت و بە


ڕێژەی (5.4%) دەرکەوتووە، و فاکتی هونەری بە پلەی شەشەم دێت و بە ڕێژەی (1.06%) دەرکەوتووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا فاکتی سیاسی کاریگەرترین فاکتە لەسەر بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندیکردنی سیاسی. واتە بەپێی ڕێژەی سەدی دەرکەوتوو کە فاکتی سیاسی بە سەرەکیترین فاکتە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە کاریگەری پێویست لە بەکارهێنانی بە بازارکردنی سیاسیی بۆ پەیوەندیکردنی سیاسیدا لەسەر خەڵکدا ئەنجام بدرێت بۆ دەستخستنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا.

خشتەی ژمارە (3): لە سامپلی وەرگیراو بەکارهێنانی ئامرازی میدیایی بۆ بەبازاکردنی سیاسی دەخاتەروو





لە خشتەی ژمارە (3) سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازی میدیایی بۆ بەبازارکردنی سیاسی بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی لە سامپلی وەرگیراو لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەمان وەرگیراوە کە دەکاتە (9) ڕۆژ، بۆمان دەردەکەوێت بەکارهێنانی ئامرازە میدیایی تەقلیدی (کلاسیکی) لە ئاستی یەکەمدا دێت و بە ڕێژەی سەدا (55%) دەرکەوتووە، بەڵام لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایی نوێ لە ئاستی دووەمدا دێت و بە ڕێژەی سەدا (45%) دەرکەوتووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا دەنگدەر زیاتر بە بەکارهێنانی میدیای تەقلیدی کاریگەرە. واتە ئامرازەکانی میدیای تەقلیدی وەك (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار) زیاتر جێگەی متمانەن لای خەڵك وەك لەوەی میدیای نوێ و سوشیال میدیا یان ئامرازەکانی تری ئەلیکترۆنی میدیایی.

خشتەی ژمارە (4): لە سامپلی وەرگیراو بەکارهێنانی کەمپینی میدیایی بۆ بەبازاکردنی سیاسی دەخاتەروو



لە خشتەی ژمارە (4) سەبارەت بە بەکارهێنانی کەمپینی میدیایی بۆ بەبازاکردنی سیاسی بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی لە سامپلی وەرگیراو لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەمر توێژینەویەمان وەرگیراوە کە دەکاتە (9) رۆژ، بۆمان دەردەکەوێت بەکارهێنانی کەمپینی میدیایی لە ئاستی یەکەمدا دێت و بە رێژەی سەدا (87%) دەرکەوتووە، بەڵام لە بەکارهێنانی کەمپینی ئاسایی لە ئاستی دووەمدا دێت و بە رێژەی سەدا (13%) دەرکەوتووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا دەنگدەر بە بەکارهێنانی کەمپینی میدیایی کاریگەرترە. واتە ئەنجامدانی کەمپینێکی سەرکەوتوو بۆ هەڵبژاردن پەیوەستە بەو ئامرازە کاریگەریانە لەسەر خەڵك زیاتر ئەویش بە رێژەیەکی زۆر لە ئامرازەکانی میدیاییدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (5): لە سامپلی وەرگیراو بەبازاکردنی سیاسی لەلایەن هەردوو پارتە سەرەکییەکەی هەریمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەخاتەروو.




لە خشتەی ژمارە (5) سەبارەت بە بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسی لەلایەن هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسي لە سامپلی وەرگیراو لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئەو سامپڵەی کە لە کۆمەڵگەی ئەمر توێژینەویەمان وەرگیراوە کە دەکاتە (9) رۆژ پێش هەڵبژاردنەکانی لە رێکەوتی (2018/9/30)، بۆمان دەردەکەوێت کە بەبازارکردنی سیاسی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی یەکەمدا دێت و بە رێژەی سەدا (88.63%) دەرکەوتووە، بەڵام لە بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئاستی دووەمدا دێت و بە رێژەی سەدا (11.9%) دەرکەوتووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا دەنگدەر بە بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسی بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر کاریگەر بووە لەوەی بەبازارکردنی سیاسی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. واتە بانگەشەی هەڵبژاردنی لە بەبازارکردنی سیاسییدا لەلایەن حیزبی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستانە سەرکەوتووتر بووە لە ناردنی ئەو پەیامە سیاسییانە بۆ خەڵك لە پەیوەندی سیاسییدا زیاتر لەوەی حیزبەکەی تری کوردستانی کە لە پلەی دووەمر دێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا.

**3/3- ئەنجامی پراکتیکی خشتەکان:**

**لە ئەنجامی پراکتیکی خشتەکانی سەرەوە ئەمر خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

**3/3**-1 ئەو شێوازانەی کە ناراستەوخۆن و رێکخراون کە لە رێگەی ئامرازەکانی میدیایی ئەنجام دەدرێن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کاریگەرترین شێوازن بۆ بە بازارکردنی سیاسیدا کە لە رێگەی هەڵمەتەکانی میدیایی ئەنجام دەدرێت.

3/3-2 فاکتی سەرەکی سیاسی کاریگەرترین فاکتە لەسەر بەکارهێنانی بەبازارکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندیکردنی سیاسی بۆ دەستخستنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا.

3/3-3 دەنگدەر زیاتر بە بەکارهێنانی مێدیای تەقلیدی کاریگەرە لە رێگەی ئامرازەکانی میدیا وەك (رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار) زیاتر جێگەی متمانەن لای خەڵك وەك لەوەی میدیای نوێ و سوشیال میدیا یان ئامرازەکانی تری ئەلیکترۆنی.

4-3/3 دەنگدەر بە بەکارهێنانی کەمپینی میدیایی کاریگەرترە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکاندا پەیوەستە بەو ئامرازە کاریگەریانە لەسەر خەڵك کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئامرازەکانی میدیاییدا دەردەکەوێت.

5-3/3 دەنگدەر بە بەکارهێنانی شێوازەکانی بەبازارکردنی سیاسی بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی سیاسی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر کاریگەر بووە لەوەی بەبازارکردنی سیاسی لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستان بووە. کە بانگەشەی هەڵبژاردنی حیزبی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتووتر بووە لە ناردنی ئەو پەیامە سیاسییانە بۆ خەڵك زیاتر لەوەی حیزبەکەی تری کوردستانی کە لە پلەی دووەمدا دێت.

4/3- معادەلەی هۆلستی:

واتە ئەنجامدانی بابەتی شیکاری لە دوو کاتی جیاوازدا لەلایەن هەردوو توێژەر بۆ دڵنیابوون لە جێگری شیکردنەوە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و دەرخستنی فاکتی ڕێکەوتن لە ڕێگەی معادەلەی ئاماری هۆلستی:

بۆنموونە هەردوو توێژەر (24) حاڵەتیان شیکردەوە و لەسەر (18) حاڵەت ڕێکەوتین کەواتە فاکتی جێگیری بەمشێوەیە دەبێت

فاکتی جێگیری: 2 ت / ن1 + ن2 (یاساکە)

ت: ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە هەردوو توێژەر لەسەری ڕێکەوتوون

ن1: ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە توێژەری یەکەم بەهێمای کردووە

ن2: ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە توێژەری دووەم بە هێمای کردووە

بۆیە ڕێژەی جێگیری بەمشیوەیە دەردەکرێت:

= 24 + 24 / 18 × 2

% 75 = 4 / 3 = 48 / 36

واتە هەردوو توێژەر بە ڕێژەی 75 % ریکەوتوون

**4- دەرەنجامی کۆتایی:**

لە دەرئەنجامی گشتی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك

1- پەیوەندیکردن لە نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و کۆمەڵگا و خەڵك، گرنگیەکی زۆری هەیە لە پرۆسە دیمۆکراسیەکاندا، دەبێتە هۆی دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان خەڵك و حکومەتدا.

2- کاتێک پارتە سیاسیەکان ئامانج، پرۆگرام و بەرهەمی جیاواز لە یەکتریان هەیە، ئەوا لە پەیوەندیکردنی سیاسیدا شێوازی جیاوازیان دەبێت بۆ بەبازارکردنی سیاسی.

3- پەیوەندیکردنی سیاسی و زانیاری و پەیام گواستنەوە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا بنچینەیەکی گرنگی دیمۆکراسیە، بە وەرگرتنی کەیسی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمەکان، بەهاکان، نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆژیا و بەگشتی فابریکی کۆمەڵگای کوردستان کاریگەریان هەیە لە سەر پرۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسی و بەبازارکردنی سیاسی لەم کەیسە تایبەتانەدا.

4- ڕێگا جیاوازەکانی بەبازارکردنی سیاسی زۆربەی کات هاوشان لەگەڵ بەبازارکردنی عەشایری بەڕێوەدەچن، کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسی.

5- ئەرکی سەرەکی دیمۆکراسی ئەوەیە کە دەستەبەری باشترین نوێنەرایەتیکردن بۆ خەڵك بکات، لە کوردستاندا، نوێنەرایەتیکردن لەسەر بنچینەی عەشایری یەکێك بێت لە باشترین نوێنەرایەتیکردنەکان، بەو پێیەی کە ڕێچکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگا عەشیرەتە.

6- دەنگدەر بەدوای ئەو پارتە سیاسیەدا دەگەڕێت کە بە باشترین شێوە و دەربرین لە بیر و بۆچوونەکانی بکات و نزیکتر بێت لە دیدەکانی و پارتەکە لە راکێشانی دەنگدەر سەرکەوتوتر دەبێت کە بە پێی ئەولەویات و خواستەکانی دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکاندا رەفتار بکات.

7- بۆ بەبازاکردنی سیاسیدا لە حالەتێکی سەرکەوتووی پەیوەندیکردنی سیاسیدا پارتەکان ئەو کاندیدانە هەڵدەبژێرن کە بە باشترین شێوە و بەشێوەیەکی ئاشکرا و روون و دیزاینێکی سەرنجراکێش پەیامەکەیان نزیکی خواستی خەڵك و دەنگدەر بخەنەروو.

**5- پێشنیاز:**

1- بەهۆی ئەوەی دەنگدەر بەدوای ئەو پارتە سیاسیەدا دەگەڕێت کە بە باشترین شێوە دەربرین لە بیر و بۆچوونەکانی بکات و نزیکتر بێت لە دیدەکانی و ئەمەش هاوکات لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بۆیە باشتر وایە ئەو پارتە گرنگی زیاتر بە دەنگدەر بدات و ئەو بابەتانە کە لە راکێشانی دەنگدەر سەرکەوتوتر بێت و بتوانێت ئەولەویات و خواستەکانی دەنگدەر بزانێت و بەو پێیەوە لە هەڵبژاردنەکاندا رەفتار بکات.

2- باشتر وایە پارتەکان لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن باشترین ئامراز و سەرکەوتووترین شێواز بەکاربهێنێت بۆ بە بازارکردنی سیاسیدا، و بایەخی زیاتریان پێی بدات چونکە لە حاڵەتەکانی سەرکەوتنی لە پەیوەندیکردنی سیاسیدا پارتەکان ئەو کاندیدانە هەڵدەبژێرن کە بە باشترین شێوە و کاریگەرترین پەیوەندی نزیکن لە خواستەکانی خەڵك و دەنگدەر.

1- **راسپاردەکان:**

**1-** پێویستە پارتەکان زیاتر گرنگی بدەن بە داوا و خواستەکانی خەڵك لە رێگەی بەکارهێنانی کاریگەرترین و فراوانترین ئامراز کە بگاتە بیر و هەستی دەنگدەر و کایگەری راستەوخۆی بخاتەسەر بۆ راکێشانی بەلای خۆیەوە.

**2-** هەروەها گرنگی زیاتر بە ئامرازەکانی میدیا بدەن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن چونکە ئامرازێکی سەرەکییە و گەورەترین کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست دەکات.

**7- پەراوێزەکان:**

* بە پێی بریاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٦٨٨ دەڤەری دژەفڕین لە دوو ناوچەی عێراق: هێلی پاراڵێلی ٣٦ لە کوردستانی عێراق، کە (پاشان حۆکمەتێکی دیفاکتو بە ناوی حکۆمەتی هەرێمی کوردستان دامەزراند) و هێلی ٣٢ لە باشوور و پاشان لە ١٩٩٦ ئەم هێلە بۆ ٣٣ یش درێژ کرایەوە. ئەم بریارە تا شەڕی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو.

** ئەمانە هەندێك لەو رۆژنامە و چاپکراوانە بوون کە لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە لە سەردەمی یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێی کوردستان دەردەچوون: (رۆژنامەی رێگای ئازادی) حزبی شیوعی عێراق، (رۆژنامەی ئالای ئازادی) زەحمەتکێشان، (بەرەی کوردستانی) بەرەی کوردستانی، (نەورۆز) پاسۆک، (سەرهەلدان و کوردستانی نوێ) یەکێتی، (طریق شعب) لیستی کلدانی ئاشوری دیمۆکرات، (الانتفاضە) بزۆتنەوەی ئیسلامی، (گەل) پارتی گەل).

**8- سەرچاوەکان:**


1- Arcuri, L., Castelli, L., Galdi, S., Zogmaister, C., & Amadori, A. (2008). Predicting the vote: Implicit attitudes as predictors of the future behavior of decided and undecided voters. *Political Psychology*, 29(3).

2- BRANTS, K. and VOLTMER, K. (2011). Political Communication in Postmodern Democracy: Challenging the Primacy of Politics, London: Palgrave.

3- CAP, P. and OKULSKA, U. (2013). Analysing Genres in Political Communication: Theory and practice, Amsterdam: John Benjamins B. V.

4- Delli Carpini, M. X., and Keeter, S. (1996). *What Americans know about politics and why it matters*. New Haven, CT: Yale University.

5- HALLIN, D. and MANCINI, P. (2004). "Americanization, Globalization and Secularization", in Esser, F. and Pfetsch, B. (eds), Comparing Political Communication, Cambridge: Cambridge University Press.

6- Hoff, R., Leezenberg, M, and Muller, P. (1992). "Elections in Iraqi Kurdistan (May 19, 1992): An Experiment in Democracy", Bryssels: Pax Christi.

7- Karp, J. A., & Banducci, S. A. (2007). Party mobilization and political participation in new and old democracies. *Party Politics*, 13(2).

8- KENSKI, K., and JAMIESON, K. (2017). The Oxford Handbook of Political Communication, Oxford: Oxford University Press.

9- LILLEKER, D. (2006). Key Concepts in Political Communication, London: Sage.

10- LILLEKER, D. and MARSHMENT, J. (2005). Political Marketing, Manchester: Manchester University Press.

11- MAAREK, P. (1995). Political Marketing and Communication, London: John Libbey.

12- MCNAIR, B. (1995). An Introduction to Political Communication. London: Routledge.

13- MCNAIR, B. (2017). An Introduction to Political Communication. New York: Routledge.

14- MAYHEW, L. (2007). “The New Public”, in Negrine, R. and Stanyer, J. (eds), The Political Communication Reader. London: Routledge.
15- SCAMMEL, M. (2007). “Political Marketing” in Negrine, R. and Stanyer, J. (eds), The Political Communication Reader. London: Routledge.
16- SAVIGNY, H. (2006). “Political marketing and the 2005 election”, in Jackson, N. A., Scullion, R. and Lilleker, D. G. (eds), The Marketing of political parties. Manchester: Manchester University Press.
17- SCHAFFERER, C. (2006). Election Campaigning in East and Southeast Asia, Hampshire: Ashgate.
18- WRING, D. (2005). The Politics of Marketing the Labour Party, Hampshire: Palgrave Macmillan.
19- هەڵبژاردن لە کوردستان، ١٩٩٢-٢٠١٤، محمد رووف، پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپخانەی سارا، سلێمانی .٢٠١٨
20- شريط، الامين, (1998)، الوجيز في القانون الدستوري والمؤسسات الدستورية المقارنة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
21- عبدالحي، وليد، (2013)، لغة الخطاب السياسي: المشكلة والحل، جامعة اليرموك، عمان.
22- علي، نبيل، (2001)، الثقافة العربية وعصر المعلومات، رؤية لمستقبل الخطاب الثقافي العربي، المجلس الاعلى للاداب و الثقافة والفنون،الكويت.
23- ماكويل،دينيس، (1992)، الاعلام وتأثيراته -دراسات في بناء النظرية الاعلامية، ت: عثمان العربي، المكتبة العربية، القاهرة.
24- محمد، أنور، (2017)، تسويق الخطاب الاعلامى للاحزاب السياسية، دار أمجد للنشر والتوزيع، الاردن.

## اساليب الاتصال بهدف التسويق السياسي في اقليم كردستان
## الحملة الدعائية لانتخابات برلمان كردستان 2018 - دراسة وصفية

**أ.م. اريانا ابراهيم محمد**
قسم الاعلام/ كلية الاداب/ جامعة صلاح الدين-اربيل

**د. محمدعلي ياسين طه**
الجامعه نوروز-دهوك

**ملخص**

هذا البحث هو محاولة علميه لعرض ومناقشة اهم الاساليب المستخدمة في الاتصال السياسي في الاقليم كردستان عن طريق استخدام اهم الاساليب المحترفة في عملية التسويق للاتصال السياسي، كما في الاعلان، الخطاب السياسي، العلاقات العامه، لتقديم و تطوير الصوره المقصوده. لكل دوله نظام سياسي خاص بها تعتمدها في الوصول الى افضل الاساليب في الاتصال السياسي مع الجماهير، لكي تتمكن من التأتير المباشر وبأحسن طريقه للوصول الى صوت الناخب لتحصل على ثقته و دعمه في التصويت له والوصول الى السلطه. عاده تتغير الاساليب من مكان الى اخر حسب الخلفيه الاجتماعيه و العرف والعادات و التقاليد في المجتمع تختلف في كل دوله، لدلك نرى ان التقنيات و الاساليب المتبعه في كل دوله للاتصال السياسي تقوم بتصميمها بالشكل الدي يتناسب مع واقع المجتمع الخاص به، مع انه كل اتصال سياسي لديه نفس الغايه ويشترك في الهدف وهو الحصول على ثقه الناخب والوصول الى السلطه، الا انهم يختلفون في الاساليب المستخدمه للوصول الى الهدف. في اقليم كردستان حسب الخلفيه السياسيه و الاقتصاديه و الاجتماعيه للبلد يحاول الوصول الى نظام ديمقراطي عام.

في هدا البحث باتباع المنهج الوصفي يقوم الباحث بالتعريف و الشرح للاتصال السياسي بمقاربه مقارنه بين التسويق التجاري والتسويق السياسي في اقليم كردستان، كما يقوم بالشرح للتقنيات و الاساليب المتعارف عليها في الاتصال السياسي في اقليم كردستان بروى مقارنه، السوال الرئيسي للبحث هو كيف نستطيع الاستفاده من عمليه الاتصال السياسي عن طريق تسويقها سياسيا. في النهايه يتبين لنا ان التسويق السياسي في اقليم كردستان يعتبر من انجح الطرق العمليه في الوصول الى الاهداف المرجوه من عمليه الاتصال السياسي. يتكون البحث من مقدمة و ثلاثة فصول يتضمن الفصل الاول على الاطار العام للبحث يشمل على كل من مشكلة البحث واهمية البحث والاهداف والمنهج وعينة البحث واسئله ومعوقات البحث، ويتضمن الفصل الثاني على التعريفات العامة للاتصال السياسي و التسويق السياسي واهم خصائصها واتجاهاتها و انواعها ثم يأتي الفصل الثالث الذي يحتوي على الناحية العمليه للبحث بالتحليل الكيفي للاساليب و بعدها تحليل المضمون الكمي ثم نصل الى نهاية البحث بعد التوصل الى عدة نتائج يختتم البحث بها مع عرض لقائمة المصادر. من اهم النتائج التي توصل اليها الباحث هو ان التسويق السياسي تعد من اهم الاساليب الناجحه للوصول الى كسب الناخب.

الكلمات المفتاحية هي: الاسلوب، الاتصال، التسويق السياسى، الحملات الاعلامية.

**Methods of Communication for the Purpose of Political Marketing and Campaigns in the Kurdistan Region of Iraq A Descriptive Study**

**Dr. Mohammedali Yaseen Taha**
Vice President of Nawroz University
Email: mohammedali.taha@nawroz.edu.krd

**Aryana Ibrahim Mohammed A.Prof**
Department of Media-Arts College/Salahaddin University-Erbil
aryana.mohmad@su.edu.krd

**Abstract**

This research paper is a scientific attempt to present and discuss the most common methods used in political communication in the Kurdistan Region of Iraq (KRI). The usage of the most recent means in the process of marketing meant for political communication is described. Advertising, Political Discourse, Public Relations, interpersonal and public reach-outs are among the main methods used by the political parties and actors to maintain an image they intend to show. Each country has its own political system which leads to various forms of political communication to directly and indirectly reach to the public and influence their decision making. Political parties employ the best tangible methods due to their access in their respective political atmosphere in order to influence the voters in favor of their political agenda. Therefore, the methods changes from one place to another according to the background, social fabric, traditions and societal norms. As a result, different techniques and methods of communication are employed to access the public opinion and creation of a public agenda. In the KRI as well, the political, economic and social background of the region has highly influenced the techniques and methods of political communication.

This paper uses a descriptive approach to define and explain political communication and its methods in the KRI. Then it compares commercial and political marketing with a perspective of KRI system. The paper further attempts to answer the main question of how to benefit from different means of communication in political marketing in the KRI. Finally, the paper evaluates whether or not the methods of communication used by the KRI political parties are successful towards a democratic political communication. This paper contains an introduction and three parts where in the first part it explains general framework of the research, which includes both the research problem, the importance of the research, its objectives, methodology, the sample of the research, and the research obstacles. The second part contains the general definitions of political communication and political marketing in addition to the fieldwork analysis in both qualitative and quantitative content analysis. The results of the field data collected for this study is presented in the last part in addition to some concluding remarks. One of the most important findings of the researcher is that political marketing in the KRI is one of the most successful to reach out to the voters.

**Keywords:** Methods, Communication, Political Marketing, Media Campaigns.